# سیاسەتی دەرەوەو قەیرانی نێودەوڵەتی

**یەکەم: سەرهەڵدانی زاراوەی(قەیران/ الازمة/ Crisis) لەمێژودا:**

بەکارهێنانی وشەی قەیران(Crisis) لەڕووی مێژووییەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکەکان، بەمانای خاڵی وەرچەرخان لەژیانی نەخۆشێکدا، واتە خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە لەنێوان چاك بوونەوەو ژیان لەلایەكو دارِمانو مردن لەلایەکی ترەوە. بەهۆی ئەو مانا زمانەوانییەوە لەسەدەی شازدەهەمدا لەفەرهەنگە پزیشکییەکاندا بەکارئەهێنرا. لەسەدەی حەڤدەهەمیشدا بەکاریان ئەهێنا بۆ دەربڕینی پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان دەوڵەتو کڵێسا. لەپاش سەدەی نۆزدە بەدواوە بەکارهێنانەکە فراوانتر بووەو وەك ئاماژەیەك بۆ ساتی دەرکەوتنی کێشە مەترسیدارە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بەکارئەهێنرێت.

(ئینسکلۆپیدیای نێودەوڵەتیی زانستە کۆمەڵایەتیەکان International Encyclopedia of The Social Science) لەساڵی(1937)پێناسەی قەیران(Crisis) ئەکات بەوەی کەبریتییە لەدەرکەوتنو ڕوودانی ئاڵۆزیەکی کتوپڕ لەپەیوەندیی نێوان(خستنەڕوو/داواکاری)(عرچ وگلب) لەشتومەكو خزمەتگوزارییو سەرمایەدا.

پاشتر ئەم زاراوەیە لەزۆربەی بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنرا وەك زاراوەیەکی گونجاو بۆ دەربڕینی ئەو ئاڵۆزیو مەترسییانەی کە بەشێوەیەکی کتوپڕ لەهەر بوارێکدا دروست ئەبن، وەك خاڵێکی یەکلاکەرەوە لەنێوان دوو هەلومەرجی جیاوازدا.

**دووەم: پێناسەی(قەیرانی نێودەوڵەتی الازمة الدولية Crisis International)**

(شارل ماکلیلاند) مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی ساوز کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێناسەی قەیرانی نێودەوڵەتی ئەکات بەوەی بریتیە لە(قۆناغی گواستنەوە لەنێوان ئاشتیو جەنگدا، لێرەوە ئەگەری ئەوە هەیە کەهەموو قەیرانێکی نێودەوڵەتی پەرە بسێنێت بۆ جەنگ بەڵام زۆربەی قەیرانەکان بەهۆی لایەنەکانی کێشەکەوە هێور ئەکرێنەوە بۆ ئەوەی نەگەنە قۆناغی بەکارهێنانی هێزی سەربازیو جەنگ).

هەروەها(جلین سنایدەر) مامۆستای زانستی سیاسەتو سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ململانێی نێودەوڵەتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێناسەی قەیرانی نێودەوڵەتی ئەکات بەوەی بریتیە لە(قۆناغێکی ئاڵۆز لەکێشەی نێوان حکومەتەکاندا، هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکێك لەلایەنەکانی کێشەکە ئەیەوێت بارودۆخەکە بگۆڕێت لەبەرژەوەندی خۆی لەبەرامبەریشدا لایەنی دووەم بەرەنگاری ئەبێتەوەو لەئەنجامیشدا کێشەکە ئەچێتە قۆناغێکی ئاڵۆزو یەکلاکەرەوەوە واتە خاڵی وەرچەرخان بەئاراستەی هێوربوونەوە یان بەئاراستەی تەقینەوەو بەرپابوونی جەنگ).

**سێیەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی نێودەوڵەتی**

1-هەبوونی کێشەیەك کە بەتێپەڕبوونی کات چارەسەر نەکرابێتو لەهەر کاتێکدا ئەگەری سەرهەڵدانەوەی هەبێت.

2-بەهۆی دروست بوونی حاڵەتی بەرژەوەندی دژیەك یان ئامانجی دژ بەیەك یان جیاوازی لەستراتیژیەتی نێوان دەوڵەتاندا.

3-بەهۆی هۆکاری بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی سیاسی دژ بەیەکتر لەنێوان دەوڵەتاندا.

4-بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی نەخشە بۆ کێشراو لەلایەن دەوڵەتێك یان زیاترەوە بە مەبەستی ناچارکردنی لایەنێکی ترو بەدەستهێنانی ئامانجی ستراتیژی.

5-بەهۆی هەڵەی مرۆییەوە جا ئەگەر بەهۆی خراپی تێگەیشتن یان خراپی بەڕێوەبردن یان بەهۆی نائومێدی یەکجارەکیەوە.

6-بەهۆی ئارەزووی پیشاندانی هێزو شەرمەزارکردنی لایەنی دووەمەوە بەڵام بەهۆی کارلێکردنو کاروکاردانەوەوە هەڵوێستەکە پەرەئەسێنێتو لەکۆنترۆڵی لایەنی یەکەم دەرئەچێت.

7-بەهۆی شکاندنو پێشێل کردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە بەهۆی یەکێك لەلایەنەکانەوە.

**چوارەم: پەیوەندیی قەیرانی نێودەوڵەتی بەهەلومەرجە نێودەوڵەتییەکانی ترەوە:**

(چارلس هێرمان Charles Hermann) سێ فاکتەری سەرەکی دیاری ئەکات کە بەهۆی کارلێکردنیانو ڕادەی هەبوون یان نەبوونیان لەبارودۆخێکدا هەلومەرجە نێودەوڵەتییە جیاوازەکان دروست ئەکەن، بەم شێوەیە:

| هەبوونی هەرەشە | کاتی سنووردار | رادەی کتوپڕی | هەلومەرجی دروست بوو |
|---|---|---|---|
| زۆر | کەم | کتوپڕ | قەیرانی نێودەوڵەتی Crisis Situation |
| زۆر | زۆر | کتوپڕ | هەلومەرجی داهێنەر(الوضع الخلاق) Innovative Situation |
| کەم | زۆر | کتوپڕ | هەلومەرجی چەقبەستوو(الجامد)Situation Inertia |
| کەم | کەم | کتوپڕ | هەلومەرجی کاتی(الظرفي)Situation Circumstantial |
| زۆر | کەم | ئاسایی | هەلومەرجی کاردانەوە(منعكس) Reflexive Situation |
| زۆر | زۆر | ئاسایی | هەلومەرجی نەخشە بۆ کێشراو(متعمد) Deliberative Situation |
| کەم | کەم | ئاسایی | هەلومەرجی کارگێری(إداری) |
| کەم | زۆر | ئاسایی | هەلومەرجی ئاسایی(العادی)Situation Routinized |

**پێنجەم: دەروازەکانی لێکدانەوەی قەیرانی نێودەوڵەتی**

بەشێوەیەکی گشتی دوو دەروازەی سەرەکی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی قەیرانی نێودەوڵەتی، کەهەریەکەیان لەگۆشەنیگایەکی تایبەتەوە لەدروست بوونی قەیرانو ژینگەی قەیرانو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکانیدا ئەکۆڵێتەوە. ئەوانیش دەروازەی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتیو دەروازەی دروستکەری بڕیارن.

**1-دەروازەی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتی(مدخل هيكل النظام الدولی)**

ئەم دەروازەیە کار لەسەر ئەو گریمانەیە ئەکات کەقەیرانی نێودەوڵەتی بەشێکی سەرەکیو دانەبڕاوە لەپێکهاتەی بونیادی سیستمی نێودەوڵەتیدا چونکە ئەم سیستمە بەشێوەیەکی ئاسایی لەژمارەیەك دەوڵەتی جیاوازی خاوەن سەروەری پێکدێت کەهەریەکەیان خاوەنی ئامانجو بەرژەوەندیو ستراتیژی تایبەت بەخۆیەتی لەسیاسەتی دەرەوەیدا ئەمەش بێگومان بارودۆخێك دروست ئەکات کە لەهەر ساتو شوێنێکدا چاوەڕوانی سەرهەڵدانی کێشەو قەیران بێن.

ئەم دەروازەیە پەیوەندیی نێوان قەیرانی نێودەوڵەتیو بونیادی سیستمی نێودەوڵەتی ئەگێڕێتەوە بۆ سیفەتی پشێوی یان ئەنارکی (الفوضی **Anarchy**) لەئاستی نێودەوڵەتیدا. کەچەمکێکی بنەڕەتیە لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانداو جێگەی مشتومڕێکی گەورەیە لەلایەن پسپۆڕانەوە، مانای ڕاستەوخۆی بریتییە لە(نەبوونی حکومەتێکی شەرعی) بەڵام زاراوەکە بەشێوەیەکی فراوانتر بەکارئەهێنرێت وەك ووشەیەك لەبەرامبەر حاڵەتی نەبوونی سیستمێکی جێگیر لەئاستی نێودەوڵەتیدا کەزۆرجار ئەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی پشێوی.

زارەوەی ئەنارکی زیاتر وەسفی حاڵەتێك ئەکات، بەڵام مەرج نیە مانای ئەوەی لێبخوێنرێتەوە کەهەڵگری ئاماژەیەکی ئیجابی یان سەلبی بێت، واتە زاراوەکە لەبەرامبەر حاڵەتی نەبوونی دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتیدا بەکار ئەهێنرێت نەك ئەوەی کەسیستمەکە خراپە یان باش.

هەندێك لەپسپۆڕان ڕایان وایە کەحاڵەتی ئەنارکی تەنها ئەوەندە نیە کەدەسەڵاتێکی شەرعی نەبێت بەڵکو زیاتر لەوەش مانای ئەوەی تێدایە کەهیچ(دامودەزگا، یاسا، بنەما، پێوەر)ێکی نێودەوڵەتی جێگیریش بوونی نیە کەپشتی پێببەسترێتو بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئیرادەو سەروەری دەوڵەتاندا. بەم مانایەش پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان نزیك ئەبێتەوە لەو(حاڵەتی سروشتی)یەی کە تۆماس هۆبز **Thomas Hobbes**) باسی ئەکات کە بەڕای ئەو بریتیە لە(حاڵەتی جەنگی هەمووان دژ بەهەمووان).

لەلایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لەپسپۆڕان ڕەخنە لەڕای پێشوو ئەگرنو بەوە وەسفی ئەکەن کەمانایەکی سەلبی بۆ ئەنارکی دائەنێت دوورە لەواقیعی نێودەوڵەتیەوە، بەبەڵگەی ئەوەی کە نەبوونی دەسەڵاتێکی شەرعی ئەوە ناگەیەنێت کەهیچ(دامودەزگا، یاسا، بنەما، پێوەر)ێکی نێودەوڵەتی جێگیریش بوونی نیە بەڵکو بەپێچەوانەوە تەواوی ئەو پرۆسەی هاریکاری نێودەوڵەتیەی کە لەجیهاندا لەبوارە جیاوازەکاندا هەیە ڕەنگدانەوەی ئەو(دامودەزگا، یاسا، بنەما، پێوەر)انەیە.

بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری حاڵەتی ئەنارکی لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا چەند نموونەیەك لەبیروبۆچوونی هەندێك لەپسپۆڕان لەماوە جیاوازەکاندا وەرئەگرین سەبارەت بەپەیوەندی نێوان پەیکەری ڕیزبەندی هێزەکان لەبونیادی سیستمی نێودەوڵەتیو دیاردەی ئەنارکی:

ئەوانەی کەلایەنگری سیستمی فرە جەمسەرین بۆ ریزبەندیی دابەشبوونی هێزەکان لەسیستمی نێودەوڵەتیدا رایان وایە کەباشترین پەیکەری ریزبەندی هێزە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەو حاڵەتی ئەنارکیداو نموونەی سیستمی هاوسەنگی نێوان هێزەکان(توازن القوى **Balance of Powers**)ی پێش جەنگی جیهانی یەکەم بەبەڵگە ئەهێننەوە. بەڕای ئەوان راستە سیستمەکە جۆرێك لەئەنارکیو تەنانەت جەنگی نێوان هێزەکانیشی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام بەهۆی میکانیزمو سیاسەتەکانی پاراستنی سیستمی هاوسەنگی هێزەکانەوە لەلایەکەوە رێگربووە لەدروست بوونی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی کەتەواو هێزەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە لەلایەکی تریشەوە پارێزگاریی کردووە لەو حاڵەتی ئاشتیەی کەهەبووە تەنانەت لەگەڵ دروست بوونی جەنگەکانیشدا نەگاتە حاڵەتی جەنگێکی گەورەی وەك جەنگی جیهانی یەکەم کەکۆتایی بەسیستمەکە هێنا بەهۆی ئەوەی کەهێزەکان دابەشبوون بۆ دوو بەرەی دژ بەیەك نەك سیستمێکی فرە جەمسەر.

(کینیپ والتز **K. Waltz**) کەدامەزرێنەری(ریالیزمی نوێ یان ریالیزمی بونیادی)یە یەکێکە لەلایەنگرانی سیستمی دوو جەمسەری، کە بەڕای ئەو هەرچەندە دروست بوونی قەیرانی نێودەوڵەتی حاڵەتێکی سروشتیە لەژێر سایەی سیستمێکی نێودەوڵەتی ئەنارکیدا بەڵام ریزبەندی دوو جەمسەری باشترین پەیکەرە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردەیەداو قۆناغی جەنگی ساردیش نمونەیەکی باشە بۆ ئەو مەبەستە. (واڵتز) لەهەردوو کتێبی(**Man, State and War**)و (**International political Theory**)دا جەخت لەوە ئەکاتەوە کەئاستی نێودەوڵەتی بریتیە لەحاڵەتی ئەنارکیو ململانێو جەنگەکانیش بەهۆی ئەنارکیەوە دروست ئەبن نەك سروشتی شەڕەنگێزی مرۆڤایەتی کەریالیستە کلاسیکەکان بروایان پێی هەبوو، هەروەها(واڵتز) رای وایە کەهەبوونی قەیرانی نێودەوڵەتی نیشانەی زیندوێتی سیستمی نێودەوڵەتیەو شتێکی ئاساییە بەپێچەوانەوە نەبوونی قەیران جێگەی دڵەڕاوکێیە چونکە حاڵەتێکی ناسروشتییە.

لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی ساردیش (رۆبیرت کاپلان **R. Kaplan**) لەوتارێکیدا لە(1994)دا بەناوی(الفوچى القادمە) رای وابوو کەجیهان سەردەمێکی نوێ لەپێشوی بەخۆیەوە ئەبینێتو دەوڵەتەکان روو لەپوکانەوەنو هاوڵاتیانیش ئەبێت لەهەوڵی دابینکردنی ئاسایشی خۆیاندا بن، لەبەرامبەریشدا دەوڵەتە زلهێزەکان زۆر بێ بەزەییانە رەفتار ئەکەن لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ئەو سامانە سروشتیانەی کەروو لەنەمانن، لەئەنجامی ئەمانەشدا لەچەندین دەوڵەتدا کێشەی ئایینیو مەزهەبیو ئەتنیکی سەرهەڵئەدەنو کەسانێکی توندڕەو دەسەڵات ئەگرنە دەست کەئەو ئومێدە کەمەش ئێستا هەیە لەناوی ئەبەن. (کاپلان) لەکتێبەکانی(أشباح البلقان)و(نهايات الارچ)و(سياسات محارب)و(جنود الامبرياليه)دا بیروبۆچوونەکانی زیاتر روون ئەکاتەوە.

بەڕای پسپۆڕی ستراتیژی(جۆن ماری گینیۆ **Jean M. Guehenno** سەردەمی جەنگی سارد سەردەمێکی تایبەتو ناوازەیە لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا چونکە چەند نەریتێکی فیکری لەو قۆناغەدا چەسپان کەمەرج نیە لەهیچ قۆناغێکی تردا بەو شێوەیە بن، وەك بڵاوبوونەوەی سەقامگیریو هاوسەنگیو سادەییو روونی لەپۆلێنکردندا، جێگیربوونی ئەم نەریتانە بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەك درێژخایەن بارودۆخێکی وای بەرهەم هێناوە کەهەمیشە چاوەڕوانی ئەوەبین ئەو هەلومەرجە بەردەوام بێتو هەر بارودۆخێکی جیاواز لەوەش وەك قۆناغێکی گواستنەوەو نا سەقامگیری تەماشا بکەین. بەڵام لەڕاستیدا قۆناغی گواستنەوە(الفترە الٌنتقاليه) وشەیەکی بێ مانایە چونکە لەتەواوی مێژوودا حاڵەتی نا سەقامگیریو گواستنەوە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بنەمایەکی جێگیرە نەك سەقامگیریو نەگۆڕیو مانەوە لەسەر یەك دۆخی چەسپاو.

هەروەها(ئیمانوێل والەرشتاین **Immanuel Wallerstein**)یش لای خۆیەوە رای وایە کە لەقۆناغی پاش جەنگی ساردا، بەهۆی زیاتر بوونی جیاوازی ئابووریو سیاسیو تەکنەلۆژی نێوان وڵاتانی سەنتەرو وڵاتانی کەنارەوە، تەواوی جیهان شەپۆلێکی چڕو درێژخایەن لە نا سەقامگیرییو ململانێ بەخۆیەوە ئەبینێتو چەندین بزووتنەوەو رەوتی ئەنارکیخوازی(دژە سیستم/ مچاد للنسقيه/ **Anti Systmeic** سەرهەڵئەدەنو کار لەسەر ناسنامەی ئایینیو مەزهەبی نەتەوەییو کەلتووری ئەکەنو جیهانیش دابەش بوونی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت.

هەروەها(ئیلیا پریگۆجین **Ilya Prigogine**) رای وایە کەمرۆڤایەتی بەقۆناغێکی گواستنەوەدا تێپەڕ ئەبێت، بەهۆی ئەوەی کەجیهان ئاڵۆزترو فرە رەنگتر بووەو هەمیشە بازنەی ئەگەرەکانیش فراوانترو کراوەتر ئەبن. ئەم گۆڕانکارییانەش دۆخێك بەرهەمدێنن کەبواری پێشبینیو خوێندنەوەی داهاتوو شتێکی مەحاڵ بێت بەهۆی بڵاوبوونەوەی نا سەقامگیرییو گۆڕانی بنەڕەتیو رادیکاڵەوە، واتە لەبارودۆخێکی هەمیشە گۆڕاودا ناکرێت هیچ شتێکی نەگۆڕ دیاری بکرێتو بەمەش گۆڕانکاریی دەبێتە یاسای باو یان یاسای کارپێکراو نەك جێگیریو سەقامگیری. بەڵام بەڕای(پریگۆجین) ئەم بارودۆخە نوێیە چەند هەڵگری دڵەڕاوکێو رەشبینییە ئەوەندەش هەڵگری پاڵنەری گەڕانو تێکۆشانە لەپێناو دۆزینەوەی رێگەی نوێو خۆگونجاندنو داهێنانکاریو گەشبینیدا.

دوای رووداوەکانی(11/9)و دەرکەوتنی کاریگەری(ئەکتەری نا دەوڵەت **Non- State Actor**) لەکارلێککردنە جیهانیەکاندا، بەشێوەیەك کە ئەو کار بەرهەمدێنێتو تەواوی وڵاتانی پەیوەندیداریش ئەکەونە حاڵەتی کاردانەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکانی کردەوەکانی ئەوان.

نووسەری یابانی(ئەروکی موراکامی **A. Murakami**) زاراوەی(الفوچى اللينە **Soft Chaos**) پێشنیازی کردوە بۆ وەسفکردنی ئەم بارودۆخە نوێیە، بەڕای(موراکی) هەرچەندە جیهان بەڕواڵەت جیهانێکی رێکوپێكو پێکەوە گونجاوەو پشت ئەبەستێت بەکۆمەڵێك بەهاو پێگەی زانراو بەڵام لەبنەڕەتدا هیچ جۆرە(دامودەزگا، یاسا، بنەما، پێوەر)ێکیش نیە جێگەی متمانەو پشت پێبەستن بێت چونکە لەهەر ساتو شوێنێکدا ئەگەری دروست بوونی حاڵەتی ئەنارکیو پشێوی ئامادەیە.

2-دەروازەی دروست کەری بڕیار(مدخل صانع القرار)

ئەم دەروازەیە جەخت لەسەر ئەو خاڵە ئەکاتەوە کەهەرچەندە بارودۆخی نێودەوڵەتی لەحاڵەتی ئەنارکیدا بێتو ئەم حاڵەتەش بەرهەمهێنی قەیرانی نێودەوڵەتی بێت بەڵام تەواوی دەوڵەتانی جیهان بەشێوەی تەنها یان بەکۆمەڵ رووبەڕووی ئەو قەیرانانە ئەبنەوە لەڕێگەی دروستکەری بڕیاری دەرەکی وڵاتەکانیانەوە، واتە بۆ هەر دەوڵەتێك قەیران پەیوەندی هەیە بەدروستکەری بڕیارو چۆنیەتی مامەڵەکردنو وەڵامدانەوەی ئەو قەیرانانەی کەدوچاری وڵاتەکەی دەبێتەوە.

**دروست كەری بڕیارو ژینگەی بڕیاردان**

لەڕاستیدا قەیرانی نێودەوڵەتی بارودۆخێكی جیاواز بەرهەم دێنێت بۆ دروستكەری بڕیار كەجیاوازە لەبارودۆخی ئاسایی، لێرەدا پێویستە پێش ئەوەی باس لەكاردانەوەی دروستكەری بڕیار بكەین ئەو كاریگەریانە بخەینە روو كەقەیران دروستی ئەكەن:

أ- قەیرانی نێودەوڵەتی ئەبێتە هۆی زیادبوونی دەسەڵاتی بڕیاردان لای دروستكەری بڕیار: لەهەر وڵاتێكو لەكاتی ئاساییدا ژمارەیەك رێوشوێنی رەسمی هەیە بۆ بڕیاردانو مامەڵەكردن لەگەڵ رووداوەكاندا، بەڵام لەكاتی قەیرانی نێودەوڵەتیدا بەشێوەیەكی گشتی بوار ئەڕەخسێت بۆ ئەوەی دروستكەری بڕیار خۆی دەربازكات لەهەندێك لەو كۆتو بەندانەو بۆ ماوەیەك دووركەوێتەوە لەچاودێری ووردی میدیاو رای گشتیو تەنانەت پەرلەمانیش بەبیانووی مەترسیداری هەڵوێستەكەو پێویست بوونی پاراستنی نهێنیەكانی وڵات، ئەم دۆخەش بوارێكی باشتر ئەڕەخسێنێت بۆ بڕیاردان.

ب- قەیرانی نێودەوڵەتی ئەبێتە هۆی كەمبوونەوەی ژمارەو قەبارەی گروپی بەشدار بەدروستكردنی بڕیاردان: بەهەمان شێوەی سەرەوە مامەڵەكردن لەگەڵ هەر قەیرانێكدا وا ئەخوازێت كەلیژنەیەك یان گروپێكی تایبەت بۆ رووبەڕووبوونەوەو بڕیاردان لەو قەیرانەدا دروست بكرێت كەهەمیشە بریتین لەو كەسانەی كەخاوەن پۆستی باڵاو پەیوەندیدارن بەبابەتی قەیرانەكەوە، ئەم كەمبوونەوەیە زۆرجار ئەبێتە هۆی بەخشینی چالاكی زیاتر بۆ گروپی بڕیاردەر بۆ نموونە لەگواستنەوەو مامەڵەكردن لەگەڵ زانیارییەكانو هەڵسەنگاندنی ئەگەرەكانو پێشبینی كردنی دەرەنجامەكاندا خێراتر ئەبن. (فیل ویلیەمز Phil Williams) رای وایە كە دروستكەری بڕیار لەئەمریكا لەكاتی قەیرانەكاندا توانای بڕیاردانی زیاتری ئەبێتو جۆرێك لە(دیموكراسی قەیسەری Democratic Caesarism) دروست ئەبێت.

ج- قەیرانی نێودەوڵەتی ئەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی سروشتی دوژمنكاریی لەسیاسەتی دەرەوەدا: بەهۆی ئەوەی هەر قەیرانێك هەڕەشە دروست ئەكات بۆ ژمارەیەك لەئامانجەكانی هەر وڵاتێك بۆیە بەشێوەیەكی گشتی دروستكەری بڕیار بەهەستیاری مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستەكەدا ئەكاتو زنجیرەیەك لەكارو كاردانەوە دروست ئەبێت كەئاستی ململانێو قەیرانەكە بەرز ئەكەنەوەو هەڵوێستەكە نزیك ئەبێتەوە لەحاڵەتی(كەناری هەڵدێر/ حافە الهاویە).

د- قەیرانی نێودەوڵەتی ئەبێتە هۆی دروست بوونی فشاری دەروونی بۆ دروستكەری بڕیار:

ژینگەی بڕیاردان لەكاتی قەیرانی نێودەوڵەتیدا ژینگەیەكی ئاڵۆزەو بۆ دروستكەری بڕیار چەند ساتێكی گرنگەو كاریگەریی ئەبێت لەسەر داهاتووی سیاسی خۆی وەك كەسێكی سیاسەتمەدارو پاشانیش بەرژەوەندیەكانی وڵاتەكەی بەشێوەیەكی ئیجابی یان سەلبی، هەموو ئەمانە فشارێكی دەروونی ئەوتۆ دروست ئەكەن كە هەندێكجار ئەبێتە هۆی داڕمانو خۆبەدەستەوەدان.

ە-قەیرانی نێودەوڵەتی ئەبێتە هۆی دەركەوتنی دیاردەی(بیركردنەوەی گروپ Group Think) ئەو ژمارە كەمەی بڕیاردەران كە لەخاڵی(ب)دا باسكرا دیاردەیەكی تر بەدوای خۆیدا ئەهێنێت كەئەبێتە هۆی زاڵبوونی ئاڕاستەی دەستەگەری یان گروپ لەبیركردنەوەدا، ئەمەش لەلایەكەوە ئەگەڕێتەوە بۆ هەستیاری هەڵوێستەكە كەهیچ كام لەئەندامان نایانەوێت رایەكی جیاواز دەرببڕنو لەلایەكی تریشەوە ئەگەڕێتەوە بۆ هەستكردن بەلێپرسراوێتیو مەترسی تۆمەتباركردن یان بەهەڵە دەرچوونی بۆ چوونەكانی.

**رۆڵی دروستكەری بڕیار لەبەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتیدا (Crisis Management):**

لەپاش هەڵگیرسانو یەكلاكردنەوەی قەیرانی نێودەوڵەتی ناسراو بەقەیرانی موشەكەكانی كوبا (Missile Crisis ) لەشەستەكانی سەدەی بیستەمداو لەنێوان(یەكێتی سۆڤیەتیو ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا) هەردوو جەمسەری هێزی جیهانی لەقۆناغی جەنگی سارددا، ئەتوانین بڵێین كەگۆڕانكارییەكی گەورە بەسەر تەواوی ئەم بابەتەدا هات، بۆ نموونە پێشتر باس لەبەڕێوەبردنی ستراتیژی(الإدارە الاستراتیجیە) ئەكرا بەڵام دوای قەیرانەكە وشەی بەڕێوەبردنی قەیران(إدارە الْزمە) جێگەی گرتەوە.

لەدرێژەی ئەو قەیرانەدا بابەتێك كەزیاتر چەسپا بریتی بوو لەڕۆڵی دروستكەری بڕیار لەچۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ هەلومەرجێكی پڕ مەترسیدا لەكاتێكی كەمو كتوپڕدا، چۆن ئەتوانێت پەیامەكانی خۆی بگەیەنێت بەجۆرێك كەباوەڕ بەدوژمن بكات كە بەدڵنیاییەوە بەڵێنەكانی جێبەجێ ئەكات یان چۆن ئەتوانێت كەكۆنترۆڵی هەلومەرجەكە بكات بەجۆرێك كەسەرەداوەكان لای خۆی بهێڵێتەوە، هەموو ئەوانەش پێكەوە پێی ئەوترێت توانای بەڕێوەبردنی قەیران.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو توێژینەوە زۆرانەی لەبارەی ناساندنو چۆنیەتیو میكانیزمەكانی بەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتی پێشكەش كراون ئەوا ئەبینین جۆرێك لەدەوڵەمەندیو جیاوازی بیروبۆچوون هەیە لەسەر ووردەكارییەكان. بەهەرحاڵ ئەگەر بەدوای پێناسەی زاراوەی بەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتیدا بگەڕێین ئەوا چەند رایەكی سەرەكیمان دەست ئەكەوێت، بەم شێوەیە:

أ- ئاستی یەكەم كە لەبەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتیدا بریتیە لەبەرزكردنەوەی ئاستی توانای ئەو تیمەی كەمامەڵە لەگەڵ قەیرانەكەدا ئەكەن بۆیە هەندێك لەپێناسەكان جەخت لەسەر ئەو لایەنە ئەكەنەوە، بۆ نموونە(عبدالإلە البلداوی) ئەڵێت: (بریتیە لەهونەری بەڕێوەبردنی كۆنترۆڵ كردن(فن إدارە السیگرە) بەهۆی پرۆسەی تواناسازیو بەرزكردنەوەی ئاستی سیستمی بڕیاردان لەئاستی تاكو كۆدا، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەكانی میكانیزمە بیرۆكراتیەكانی دەوڵەتدا كەبۆ بارودۆخی ئاسایی دانراونو لەكاتی دروست بوونی قەیراندا كێشە دروست ئەكەنو ئەبنە رێگر لەبەردەم چالاكی دروستكەری بڕیاردا، بەم كارەش لەلایەك پرۆسەی بڕیاردان چالاك ئەبێتو توانای بەڕێوەبردن بەرزئەبێتەوە لەلایەكی تریشەوە سیستمەكە رزگار ئەكرێت لەهەندێك رێگرو میكانیزمی لەكاركەوتوی سواو كەتوانای بەردەوام بوونو بەخشینیان نەماوە.

ب- ئاستی دووەم لەبەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتی بریتیە لەباوەڕپێهێنانی دوژمنو دروستكردنی كاریگەری لەسەر بیركردنەوەو هەڵوێستەكانی، ئەم پرۆسەیە بەپلەی یەكەم پرۆسەیەكی عەقڵیو دەروونییەو پێویستی بەمیكانیزمی عەقڵیو دەروونی هەیە. لەم بارەیەوە (جۆناسان رۆبێرتس) رای وایە كەبەڕێوەبردنی قەیران واتە توانای یەكێك لەلایەنەكانی قەیرانەكە بۆ باوەڕپێهێنانو قەناعەت دروست كردن لای لایەنی دووەم یان

لایەنەکانی تر، بەوەی کە لەلایەکەوە بەڕاستی ئەتوانێت کەئاستی قەیرانەکە بەرزبکاتەوەو ئاڵۆزتری بکاتو لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ڕەچاوی داواکاریەکانی نەکرێت ئەوا بێگومان ئەو کارە ئەکات، بەمەبەستی ئەوەی لایەنەکانی تر ناچار بکات بەپاشەکشەکردنو دوورکەوتنەوە لەزیان گەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی ئەم. لەڕاستیدا سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە گرنگە بۆ ڕاگرتنی ئاستی قەیرانو کۆنترۆڵکردنی بەڵام ئەگەر یەکێك لەو دوو مەرجە نەهاتە دی واتە ئەگەر لایەنی دووەم باوەڕی بەتواناکانی لایەنی یەکەم یان ڕادەی ڕاستگۆیی لەجێبەجێکردنی هەڕەشەکانیدا نەبێت ئەوا بێگومان هەنگاوەکە کاریگەر نابێتو قەیرانەکەش ئاڵۆزتر ئەکات.

ج- ئاستی سێیەمی بەڕێوەبردنی قەیران بریتیە لەهەوڵدان بۆ دروست کردنی حاڵەتێك لەهاوسەنگی لەوەڵامدانەوەی هەڵوێستەکانی بەرامبەردا. واتە پێویستە لەسەر دروستکەری بڕیار لەم حاڵەتەدا بەدوای دۆزینەوەی هاوسەنگیەکدا بگەڕێت لەنێوان توندوتیژیو نەرمونیانیدا، لەنێوان بەکارهێنانی شێوازی زۆرەملێو شێوازی خۆبەدەستەوەداندا، لەنێوان مەیلی دوژمنکارییو هەڵوێستی شەرمەزاریو سەرشۆڕیدا. بەشێوەیەکی گشتی بۆ کەسی دیپلۆمات حاڵەتەکە لەلایەکەوە وائەخوازێت کە بەووردی بزانێت کە لەچ کاتێکدا توندوتیژی ئەنوێنێتو چ کاتێکیش نەرمونیانی. لەڕاستیدا گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەو خاڵی هاوسەنگییەدا بریتیە لەکرۆکی پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیران. لەو بارەیەوە(جیلین سنایدەر **Snyder**) ڕای وایە کەمەترسی بنەڕەتی لێرەدا بریتیە لەهەڵەی پێوانەو حیسابکردن کەپێویستە بەهەموو شێوەیەك دروستکەری بڕیار خۆی لێ بەدوور بگرێت. کە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دروست ئەبێت، وەك: لاوازی پەیوەندی، تێگەیشتنی هەڵە، زیادەڕۆیی لەپێوانەی هێزی خودو بەکەم زانینی دوژمن.

د- ئاستی چوارەمی بەڕێوەبردنی قەیران بریتیە لەبەئاسایی ڕاگرتنی بارودۆخەکەو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکەو ڕێگرتن لەهەڵگیرسانی لێشاوی توندوتیژیو دروست بوونی جەنگ. لەم بارەیەوە(جەیمس ریچاردسن **J.Rechardson**) ڕای وایە کەبەڕێوەبردنی قەیران بریتیە لەتوانای ئیحتیواکردنو گەمارۆدانی قەیرانەکە بەشێوەیەك کەڕێگر بێت لەدروست بوونی هەر پێکدادانێکی سەربازی فراوان. لەڕاستیدا ئەم هەنگاوە لوتکەی پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیرانە چونکە لێرەدا توانای دروستکەری بڕیار دەرئەکەوێت لەوەی کەئایا ئەتوانێت لەلایەکەوە بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێتو لەلایەکی تریشەوە نەهێڵێت بارودۆخەکە بگاتە حاڵەتی تەقینەوەو جەنگ. هەروەك(ویلیام کوانت **William B. Quandt**) پێناسەی پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیران ئەکات بەوەی کەزنجیرەیەك ڕێوشوێنو بڕیاری یەك لەدوای یەکە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکەو سنووردارکردنی ئاڵۆزبوونی بۆ ئەوەی لەرکێفی دروستکەری بڕیار دەرنەچێتو نەگاتە حاڵەتی بەرپابوونی جەنگ. لەم دۆخەدا بەڕێوەبردنی عەقڵانی بۆ قەیران ئەوەیە کەبەرژەوەندیە نیشتمانیە زیندووەکان بپارێزێتو وڵاتیش لەپێکدادانی سەربازی دوور بخەیتەوە.

ئاستەکانی بەڕێوەبردنی قەیران

| یەکەم: | دووەم: | سێیەم: | چوارەم: |
| --- | --- | --- | --- |
| پرۆسەی تواناسازیو بەرزکردنەوەی ئاستی سیستمی بڕیاردان. | باوەڕپێهێنانی دوژمنو دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو هەڵوێستەکانی | دروست کردنی حاڵەتێك لەهاوسەنگی لەوەڵامدانەوەی بەرامبەردا | کۆنترۆلکردنی قەیرانەکەو ڕێگرتن لەهەڵگیرسانی جەنگدا |

لێرەوە ئەتوانین ئاڕاستەکانی کارکردنی دروستکەری بڕیار لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتیدا دابەش بکەین بۆ دوو ئاڕاستەی سەرەکی، یەکەمیان بریتیە لەپرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی ململانێو توندکردنی قەیرانەکە، کە مەبەستی سەرەکی لێرەدا خۆی لەدروستکردنی فشاردا ئەبینێتەوە. دووەمیش بریتیە لەهەوڵی ڕاگرتنی ئاستی ململانێو کۆنترۆڵکردنو ساردکردنەوەی قەیرانەکە. مەبەستی دروستکەری بڕیاریش لەم کاتەدا گەشتنە بەحاڵەتێك لەپێکەوەژیانو یەکلاکردنەوەی قەیرانەکە بەڕەزامەندی هەردوو لایەنەکە. هەر یەکە لەم دوو ئاڕاستەیە ژمارەیەك تەکتیكو میکانیزمی کارکردنی تایبەتی خۆی هەیەو بەگوێرەی قەیرانەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

بنەماکانی بەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتی

بۆ ئەوەی تەواوی ئاستەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانی نێودەوڵەتی بەباشی جێبەجێبکرێت پێویستە لەسەر دروستکەری بڕیار کەڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

أ-دیاریکردنی ئامانجەکانی وڵات بەشێوەیەکی ڕوونو دیاریکراو.

ب-پارێزگاریکردنو هێشتنەوەی کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەردا.

ج-گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی کۆمەكو پشتگیری ناوخۆییو دەرەکی بەردەوام.

د-سنوردارکردنو گەمارۆدانی بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەناوچەیەکی دیاریکراودا.

ە-کارکردن لەسەر بەهێزکردنی سایکۆلۆژیای دانوستانو تواناسازی(فیکری، مرۆیی، تەکنیکی).

بەڕێوەبردنی قەیرانو بەڕێوەبردنی ئاشتی

بەڕای زۆربەی پسپۆڕان بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان هەمیشە ناوچەیەکی خۆڵەمێشی پێکدێنێت لەنێوان ئاشتیو جەنگدا. ئەم بارودۆخەش

پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ دروستکەری بڕیار کەهەمیشە لەبیری ئەوەدا بێت کە لەلایەکەوە خەریکی پەرەپێدانی هێزە سەربازیەکانی خۆی بێتو لەلایەکی تریشەوە ئاڵوگۆڕە دیپلۆماسیەکانی فراوانتر بکاتو رایەڵەی پەیوەندیەکانیشی بەهێزتر بکات لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا.

لەچوارچێوەی ئەم بارودۆخە گشتیەدا پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیران رۆڵی ئەوە ئەبینێت کەحاڵەتی کێشەو ململانێکان لەژێر کۆنترۆڵی دروستکەری بڕیار دەرنەچێتو نەگاتە حاڵەتی جەنگ، بەڵام پرۆسەی بەڕێوەبردنی ئاشتی بریتیە لەهەوڵەکانی دروستکەری بڕیار لەپێناو پارێزگاریی کردن لەبارودۆخی ئاشتیو دوورکەوتنەوە لەململانێو قەیران کە لەهەموو کاتێکدا ئەگەری بەرپابوونو هەڵگیرسانی هەیە. ئەم هێڵکارییەش پەیوەندی نێوان هەردوو پرۆسەکە روون دەکاتەوە:

لەهەردوو پرۆسەکەدا پێویستە دروستکەری بڕیار کۆمەڵێک چالاکی فراوانی هەبێت، وەك:

أ-دروستکردنی کەناڵی پەیوەندی لەنێوان لایەنەکاندا.

ب-دەستپێکردنی گفتوگۆو دانوستاندن سەبارەت بەخاڵە هاوبەشەکان.

ج-دروستکردنی متمانە لەنێوان لایەنەکاندا.



هێلکاری بارودۆخی نێودەوڵەتیو مامەڵەکردنی دروستکەری بڕیار لە بەڕێوەبردنی قەیرانو ئاشتیدا

Tuesday, May 12, 2009

print